
هەگبەی شاخ و شۆڕش



## چیرۆکی
## خەبات کۆتایی نایەت
### شەهید کامیل حەسەن‌پوور


برایم چووکەڵی

ئاوایی نەڕوێ لە ناوچەی هەورامان یەکێک لەو ئاوایییانەیە کە کۆمەڵێک تێکۆشەری قارەمانی لێ هەڵکەوتوون کە لە کاتی بەرگریی پێشمەرگانەی هێزی گەل بەهۆی پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان زۆر ئازایانە دژیان وەستانەوە. ئەوان پۆلێک هەڵوی سەربەرزی شاهۆ بوون کە بەردەوام پارێزگارییان لە ئاو و خاک و نیشتمانیان دەکرد و لە هێرش و زیانەکانی دوژمنیان دەپاراست. ئەم شۆڕشگێڕانە تا دوادڵۆپی خوێنیان بەرەنگاری کۆنەپەرەستی بوونەوە، سەریان لە پێناو باوەڕەکانیان دانا؛ بەڵام نەوییان نەکرد. یەکێک لەو خەباتگێڕانە کە لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم جارەماندا ناو یادی بەرز ڕادەگرین: شەهید کامیل حەسەن‌پوورە لە ناوچەی هەورامان. شەهید کامیل دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

لە کاتێکدا خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ سەرکوت کرابوو و دۆخێکی نالەبار بەسەر کوردستاندا زاڵ ببوو، و ڕێژیمی پاشایاتی سێبەری شوومی خۆی بەسەر کوردستاندا کێشابوو؛ لەوەها ڕۆژگارێکدا کورپەیەک لە ئاوایی "نەڕوێ" سەر بە ناوچەی هەورامان چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە و ناویان نا "کامیل". کامیل لە تەمەنی ٧ ساڵیدا نێردرایە قوتابخانە و تا قۆناغی دواناوەندی زۆر زیرەکانە خوێندی. بەڵام چارەنووس وابوو کە لەگەڵ ژان لەدایک بێ و بە دەرد و ژانەوە گەورە ببێت. کامیل شانی وەبەر بەرپرسایەتییەکانی ژیان نابوو، بۆ ئەوەی کەمێک لە باری قورسی هەژاری و نەبوونی لەسەر شانی بنەماڵەکەی کەم بکاتەوە.

ژیانی کامیل حەسەن‌پوور تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی. بەڵام هێرشی مغول‌ئاسای کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و جینایەتەکانی ڕێژیم ڕوانگە و بەرنامەی لاوە شۆڕشگێڕەکەی ئەو بەسەرهاتەی بۆ داهاتووی ژیانی گۆڕی. کامیل هەرچەند لە بارودۆخێکی سەخت و ئەستەمدا دەژیا، بەڵام دەیگوت: ئەگەر گەلی کورد لەنێو بچێت و کوردستان هێرشی بکرێتە سەر؛ منیش تێدا دەچم و ژیان بۆ من و بۆ باقیی هەژارانی کوردستان مانای نییە. کاتێک سەربەست نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیە؟

دوای ئەوەی دڵڕەشان و کۆنەپەرەستانی کۆماری ئیسلامی کە بە نرخی گیانفیدایی هەزاران کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بە دەسەڵات گەیشتبوون داخوازی بەحەق و ڕەوای خەڵکی کوردستانیان بە ئاگر و ئاسن وڵام دایەوە، کامیلی تامەزرۆی ئازادی و ڕزگاریی گەلی کوردی هێنایە سەنگەری خەبات و بەرگری لە گەلەکەی. ئەو کە پێشتر "عیززەت"ی برای ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ خەبات و تێکۆشان هەڵبژاردبوو، بۆخۆیشی لە سەرەتای دەیەی ١٣٦٠ دا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی حیزبی لەبەر کرد. کامیل لە ماوەیەکی کورتدا تواناییەکانی خۆی پێشان دا و بە ئیمانێکی بەهێزتر و بیروباوەڕێکی قووڵتر قۆڵی لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادی هەڵماڵی. ئەو کوڕێکی لەبەردڵان، بەنەزم، لەسەرخۆ و هەڵسووڕ بوو. لە ماوەیەکی کورتدا دەرکەوت ڕۆڵەی بەوەجی حیزبی دێموکراتە و، قەت سەر بۆ دوژمن دانانەوێنێ. زۆر ئازایانە لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بەگژیاندا دەچۆوە و لە شەڕەکانی ناوچەی هەوراماندا بەشداریی چالاکانەی دەکرد.


کامیل بەهۆی لێهاتوویی و تێگەیشتوویی لەلایەن کومیتە شارستانەوە نێردرایە دەورەی سیاسی و پاش تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی ئەو دەورەیە گەڕایەوە کۆمیتە شارستان و، ئەمجارەیان بە ئەزموونێکی پتری سیاسییەوە وەک کادرێکی لێزان و لێهاتووو هەڵسووڕ دەستی بەکار کرد. ئەو بێ‌وچان خەریکی خوێندنەوە بوو، و ئەو خوێندنەوەیە لە پێگەیاندن و بردنە سەرێی ئاستی ئاگایی و سیاسیبوونی ئەودا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو.

کامیل دواتر بەهۆی سیفەتە شۆڕشگێڕییەکانی و ئیمانی قووڵی بە ڕێبازی دێموکڕات بەرپرسایەتیی نیزامیی قوورستری پێ سپێردرا و سەرەتا وەک سەرپەل و پاشان بە هۆی ئازایەتی و باش بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. کامیلی خۆڕاگر و چاونەترس شانی وەبەر ئەو بەرپرسایەتییە دا و زۆر ئازایانە و دڵگەرمتر لە پێشوو ئەرکەکانی حیزبی جێ‌بەجێ کرد و لەو ماوەیەدا توانا نیزامییەکانی کامیل بۆ کومیتەی مەڵبەندی یەک و هێزی زاگرۆس دەرکەوت. ئازایەتییەکەی وێردی سەرزمانی هاوسەنگەرانی بوو. بەتایبەت لە شەڕەکانی نییەر، کەللەقەندی، سەرتەنگیسەر و زۆر شەڕی دیکەی ناوچەی هەورامان نەخشی چاکی گێڕا.

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە کاتێکدا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی زاگرۆس و بێستون، بۆ حەسانەوە چووبوونە شوێنێک بە ناوی "باخە بووچکەڵە" لەلایەن هێزی دوژمنەوە هێرشیان کرایە سەر. کاتژمێر ١/٥ ی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شەڕێکی توند و خوێناوی دەستی پێ کرد. ئەو شەڕە هەتا کاتژمێر ٨ی ئێواری درێژەی کێشا و سەرەنجام بە شکانی دوژمن کۆتایی هات. ژمارەیەکی زۆر لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان، سێ فەرماندەی کارامەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوەکانی کامیل حەسەن‌پوور فەرماندەری لک، حەسەن مینبەری فەرماندەری لک و نەجمەدین مینبەری، جێگری لک شەهید بوون و چوونە نێو کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی.

ئەوان گیانیان بەختی ماف و ئازادییەکانی گەلە بەشخوراوەکەیان کرد و مێژوویەکیان لە سەروەری بە ناوی خۆیانەوە تۆمار کرد. یادیان بەخێر بێ و ڕێگایان هەروا پر ڕێبوار.

# تان‌وپۆی بەرهەڵستی


کەریم پەرویزی

لە سەردەمێکدا کە دەیوید سۆرۆ، لەبەر نەدانی پارەیەکی زۆر کەم و لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو ماڵیاتی کارەکەی بدا و خرایە زیندان، دەسەڵاتی ئامریکا لە شەڕدا بوو و نەدانی ماڵیات وەکوو خەیانەت بە نیشتمان چاو لێ دەکرا! بەڵام دەیوید سۆرۆ دژی ئەو شەڕە بوو و دەیگوت کە هەرجۆرە پارەدانێک بە دەوڵەت دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئاگری شەڕەکە و بۆیە ئامادە نەبوو کە ماڵیات بدا و بەپێی یاسا خرایە زیندان و لەوێ‌وە و بە نووسینی نامیلکەیەک بە ناوی ملبادانی مەدەنی، فەلسەفەی هەڵوێست‌نواندنی مەدەنیی بەرامبەر بە بڕیار و سیاسەتەکانی حکوومەت دارشت.

لە زۆر وڵات و شوێنی جیهاندا لەو کاتەوە تاکوو ئێستا، خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ دەوڵەتەکان و حکوومەتەکان بەڕێوە چوون و زۆر کەسیش لەسەر شێوازەکانی خەبات و ڕێگاکانی گەیشتن بە ویستی گرووپ و چین و توێژەکان باسی کردووە و ئەزموونەکانی خەباتی مەدەنی و خەباتی جەماوەری و مێتۆدەکانی دیکەی وەکوو خەباتی چەکداری و... وەسەریەک خراون و وانەی جۆربەجۆریان لێ دروست بووە.

لە سەرهەڵدانی گاندی و بزووتنەوەی دژی توندوتیژیی ئەو وڵاتەوە بیگرە تاکوو خەباتی ڕەشپێستەکانی ئامریکا و بزووتنەوەی ڕەشەکان بە سەرۆکایەتیی مارتین لۆتەرکینگ و تاکوو بزووتنەوەی خوێندکاریی فەرانسە لە دەیەی ٧٠ی زایینی و تاکوو سەردەمی چێگوارا، هەرکامەیان دید و ڕوانەگەی جیاوازیان بەنیسبەت شێوازی خەباتەوە هەبووە. بزووتنەوەی چەکداریی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی لە ئامریکای لاتین، هاندەر و سەرباشقەی زۆر گرووپ و کەسی جیاواز لە سەرتاسەری جیهاندا بووە و هەروەک کردەوەکانی کارلۆس و یارمەتییەکانی بۆ گرووپە فەلەستینی و سوورییەکان بەدژی ئیسراییل کە زۆر جار شێوازی تێرۆریستیی بەخۆوە دەگرت، هەرکام مێتۆدێک لە بەرهەڵستی و ڕێگایەک بەرەو گەیشتن بە ویستەکان بوون. هەر مێتۆدێک لە وڵاتێک وڵامی داوەتەوە، گرووپی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی دیکەش بەرەو پێشوازی چوون و تاقییان کردوەتەوە، بەڵام لە ئاکامی دەیان ساڵ خەباتی جۆربەجۆری نەتەوەکان و گرووپەکان لە ئاستی دونیادا سەلماندوویە کە:

یەکەم؛ ڕێگایەکی دیاریکراو نییە بۆ هەموو وڵاتەکان و هەموو سەردەمەکان وەکوو یەک وڵام بداتەوە.

دووهەم؛ هیچ ڕێگایەک بەبێ دانی نرخ و تێچوو نییە کە دەسەڵات و سیستمێک بگۆڕێ، و لە ڕاستیدا دووبارە وەبیرمان دێنێتەوە کە ئازادی نرخی دەوێ.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی زایینی و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم تاکوو ئێستا چەندین سەرهەڵدان و ڕاپەڕین لە وڵاتانی دونیا ڕوویان داوە و لە گۆڕینی سیستمی سیاسی لە لەهێستان و ئۆکراینەوە بیگرە تاکوو بەهاری عەرەبی لە میسر و توونێس و تاکوو شەڕی نێوخۆی سووریە و یەمەن. هەموو ئەوانە دەریانخستووە کە هەر نەتەوەیەک ڕێگایەکی تایبەت دەبێ ببڕێ و هیچ کامیشیان بەبێ هاوئاهەنگییەکی ڕێژەیی پشتیوانانی دەرەکی بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووە. ئەمە پێمان دەڵێ کە لە ئاستی خەباتی نەتەوەکان لە ئێراندا دەبێ لە سێ ئاستی جیاوازدا کار و تێکۆشانی دژوار و بە شێوەی کۆڵنەدەرانە بەڕێوە بچن:

یەکەم، لە ئاستی نێوخودی نەتەوەدا، واتە لە کوردستان و لە نێو کورد، لە بەلووچستان و لەنێو خودی بەلووچەکان یان لە ئازەربایجان و نێو خودی تورکەکان و ...، دەبێ خەبات بەرەو پتەوکردنی ڕیزەکانی و بردنە پێشی ڕێگای تایبەتی خۆی هەنگاوی قورس هەڵ بگرێتەوە. ئەو خەباتەش لەنێو هەرکام لەم نەتەوانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ڕەنگە شێوازی خەبات لە کوردستان لەگەڵ شێوازی خەبات لە بەلووچستان یا ئازەربایجان یا فارسەکان، جیاواز بێ چونکە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و دۆخی ستراتێژیکی ناوچەیی و کولتووری نەتەوەکان جیاوازن و ڕابردووی خەباتیش ئەزموونی جیاوازی بۆ دروست کردوون.



هەندێ جار وەها باسی یەکگرتوویی دەکرێ کە چاوەڕوانی ئەوە دروست دەکا کە هەموو کەس جیاوازییەکان وەلا بنێن و لە یەک شتدا بتوێننەوە. ئەمە هاوئاهەنگی و هاوئاراستەیی نییە، بەڵکوو توانەوە و لەنێوچوونە و ئەزموونی خومەینی دوبارە دەکاتەوە کە بەناوی یەکگرتوویییەوە کردی بە "وحدت کلمە" و کەلێمەش تەنیا و تەنیا بوو بە وشەکانی خودی خومەینی و کەس ڕێگای پێ نەدرا وشە دەر ببڕێ

دووهەم، دەبێ لە ئاستی نێو تەواوی ئێراندا هەوڵی هاوئاهەنگکردنی خەباتی جیاوازی نەتەوەکان و گرووپە جیاوازە سیاسییەکان بدرێ. ئەم هاوئاهەنگکردنە دەبێ بەپێی لەبەرچاوگرتنی دۆخی جیاوازی هەرکام و تایبەتمەندیی ڕایەڵەیی و کەلتووری هەرکامیان و قبووڵکردنی جیاوازیی هەرکامیان بێ. ناکرێ لایەنێک بەپێی ئەزموون و ڕوانگەی خۆی چاوەڕوان بێ کە لایەنەکانی دیکەش ڕێک بە هەمان شێوە کردەوە بنوێنن و بە هەمان شێوە بڕواننە دۆخەکە و داهاتوو. بۆیە گرنگە کە هاوئاهەنگییەکی ڕێژەیی هەبێ کە خەباتی سەرتاسەری و گشتی یەک ئاراستە بکات. ڕوون و دیارە کە یەک ئاراستەیی لەگەڵ یەک وتەیی زۆر جیاوازە. هەندێ جار وەها باسی یەکگرتوویی دەکرێ کە چاوەڕوانی ئەوە دروست دەکا کە هەموو کەس جیاوازییەکان وەلا بنێن و لە یەک شتدا بتوێننەوە. ئەمە هاوئاهەنگی و هاوئاراستەیی نییە، بەڵکوو توانەوە و لەنێوچوونە و ئەزموونی خومەینی دوبارە دەکاتەوە کە بەناوی یەکگرتوویییەوە کردی بە "وحدت کلمە" و کەلێمەش تەنیا و تەنیا بوو بە وشەکانی خودی خومەینی و کەس ڕێگای پێ نەدرا وشە دەر ببڕێ.

سێهەم، دەبێ لە ئاستی دەرەکی و نێونەتەوەییدا هەوڵ بدرێ بەرژەوەندیی نوێ بۆ یاریکەرە جیهانی و ناوچەییەکان پێناسە بکرێ و بەرژەوەندییە کۆنەکانیان بە جۆرێک لێ بەتاڵ بکرێتەوە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بکەون، یان لانی‌کەم یارمەتیدەری ڕێژیم نەبن بۆ مانەوە و بەردەوامیی. ئەمە ڕێگایەکی دوور و درێژە کە لە شەقامەکانی ئوورووپا و ئامریکاوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە نێو پارلمان و بینای وەزارەتەکانی ڕۆژاوا.

ئەزموونی خەبات و تێکۆشان لە نێو ئێران پێمان دەڵێ کە ئەو سێ ئاستە و سێ لایەنە دەبێ هاوکات و هاوشان ببرێنە پێش و لەبیرکردنی هەر لایەنێکیان، لاسەنگی لە ڕێگاکەدا دروست دەکا.

کاتێک دێینە سەر ئاستی کوردستان و بۆ پرسیاری باشترین ڕێگای درێژەدانی خەبات کامەیە، ناتوانین وەڵامێکی تەواو و بۆ هەمیشەیی پێ بدەینەوە. چونکە هەم کوردستان ئەزموونی زۆری لە شێوازەکانی خەبات هەیە و هەم دۆخەکە جێگرتوو نییە و خەباتی نەتەوەیی دەبێ ئەوەندە توانای شکڵ گۆڕین و خۆ ڕێکخستنەوەی هەبێ کە مێتۆدەکانی خەبات لەپێناوی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکاندا بێ نەک ئامانجەکان لەپێناو بردنە پێشی مێتۆدەکاندا!

لە کوردستان لە زۆر بڕگەی جیاواز، ڕێگا و ڕێکاری زۆر تاقی کراوەتەوە و لەم شۆڕشەشدا کە ئێستا لەسەر گۆڕەپانە و دۆخی نوێ لە کوردستان و ئێران هاتۆتە ئاراوە، ڕێکاری جۆربەجۆر گیراوەتە بەر و هیچ کام لە ڕێگاکانی خەباتی ڕەوا ناکرێ پشتگوێ بخرێ یان بەتەواوی وەلا بنرێن. بەڵام کوردستان لە پێشەنگیی خەباتدا لە سەرتاسەری ئێراندا نموونە بووە و مێتۆدی مانگرتن وەڵامدەرییەکی باشی لە ئاستی کۆمەڵگەدا هەبووە، بە جۆرێک کە بەشەکانی دیکە لە ئێران چاویان لە کوردستان بڕیوە و هەوڵیان داوە کە خۆیان لە ئاستی کوردستان نزیک بکەنەوە.

مانگرتن، بریتییە لە بەرخۆدانی تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە کە بە شێوەیەکی زۆر نوێ و ئەمڕۆیانە بە ڕاوەستاندنی کار و ژیانی ئاسایی، دژکردەوە و بەرهەڵستیی خۆیان بەرامبەر دەسەڵاتی حاکم دەردەبڕن و ویست و داواکانیان دێننە گۆ. ڕەنگە زۆر جار باس لەوە بکرێ کە مانگرتنی خەڵک لە ئاستی بازاڕییان یان هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگادا بێ، زەرەر بەو توێژە دەگەیەنێ. ئەوەمان دەبێ لەبیر بێ کە هەر مێتۆدێک خەسار و تێچووی خۆی هەیە و هیچ ڕێگایەکی بێ هەزینە نییە بۆ درێژەدان بە خەبات. مانگرتنی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە چەند لایەنی باشی هەیە کە بەکورتی ئەگەر ئاوڕیان لێ بدەینەوە:

یەکەم، لە ئاستی ڕێگاکانی دیکەدا کە لە کوردستان تاقی کراونەتەوە، بەشێوەی ڕێژەیی کەمتر لەوانی تر هەزینەی هەیە.

دووهەم، لە ڕەوتی خەباتدا، جۆرێک لە هاوپێوەندی و ڕایەڵەی پێکەوەیی کۆمەڵگە دروست دەکا. لەبیرمان بێ کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەردەوام هەوڵ دەدا تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە لێک داببڕێ، بەڵام مانگرتن بە هەزینەیەکی کەمترەوە گرێچنی کۆمەڵگە پتەو دەکا و تاک و گرووپەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

سێهەم، مانگرتن چ کورت و چەند کاتژمێری بێ چ درێژ و چەند ڕۆژە، ئەزموونی خەبات لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوە و کۆمەڵگەیەک کە بریتییە لە خەڵکی ئاسایی وردە وردە دەیکا بە کۆمەڵگەیەک کە بەرانبەر بە شتە بەڕواڵەت ئاساییکراوەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەڵوێست دەردەبڕێ و بە بێلایەنی بەلایاندا تێ ناپەڕێ.

چوارەم، مانگرتن کە لە بڕگە کورتەکان و چەند کاتژمێری یان توێژێکی تایبەتدا دەست پێ دەکا، بە بەرەوپێشچوونی خەبات دەیگەیەنێتە ئاستی نەتەوەیی و هەموو کۆمەڵگە بەشداری دەکەن، هەر وەکوو لە کوردستاندا بۆ وێنە دژی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بنەماڵەکانی حیزبەکانی کوردستان، سەرتاسەری کوردستان مانی گرت، یان لە شۆڕشی ژینادا هەموو کۆمەڵگە بۆ چەندین ڕۆژ لە مانگرتنی گشتیدا بوو.

پێنجەم، ڕێژیم هەوڵ دەدا کە سیخوڕی و بەکرێگیراوی بۆ ڕێژیم لە کۆمەڵگەدا ئاسایی بکاتەوە و خەبات بکاتە شتێکی نائاسایی، بەڵام مانگرتنی کۆمەڵگە هەنگاو بە هەنگاو خەباتکاری ئاسایی دەکاتەوە و بەکرێگیراوی بۆ ڕێژیم دەکا بە شوورەیی و شەرمی کۆمەڵایەتی. هەروەک چۆن لە شۆڕشی ژینادا بەکرێگیراوەکان داوای لێبوردنیان لە خەڵک دەکرد و لە زەقترین وێنەشدا دوکاندارێکی شاری سنە هەستی بە شەرمەزاری کرد کە دەنکەشیرینییەکی بە سەرۆکی ڕێژیمی تاوانبار داوە!

خەبات لە کوردستان یان هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا ڕێگا و ڕێکاری جۆربەجۆری هەیە و یەک شێوەیش بۆ هەموو کات و سەردەمەکان هەمان وەڵام ناداتەوە، بەڵام گرنگ ڕێگاکە و گەیشتنە بە ئاکام کە لەنێو هەموو شێوازەکاندا ئەو شێوازانە بدۆزینەوە و پێڕەوی بکەین کە هەم گرێچنی کۆمەڵایەتی پتەوتر دەکەن و هەم ڕایەڵەی خەبات بەرفراوانتر دەکەن.

